بڕینی لووتی نڤار

حەمەسەعید حەسەن

کە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا فەرهاد فەرەج تیرۆر و دواتریش هاوژینی مەلا ئەمین بە خەستی بریندار کرا، مام جەلال لە فیستڤاڵی ساڵانەی گەلاوێژی نوێدا گوتی: ‹تیرۆریستان دەناسین و هاکا دەستگیرمان کردن و بە سزای ڕەوای خۆیانمان گەیاندن.›

من بەش بە حاڵی خۆم دڵم هیچ بەو بەڵێنە شیرینە خۆش نەبوو. ئاخر پێشتر هەر لە زاری سەرانی یەکێتییەوە، دەیان گفتی لەو بابەتە بە خەڵکی درابوون، بێ ئەوەی یەکێکیان جێبەجێ کرابێ.

‹ی . ن. ک› وا ڕاهاتووە، هەر کە لە سنووری قەڵەمڕەوی خۆیدا کەسێ تیرۆر بکرێ، پەیمانی پێکەوەنانی کۆمیتەیەکی بێلایەن لە خەڵکانی شارەزا بۆ دۆزینەوەی تیرۆریستان بدات، بێ ئەوەی تا ئێستا یەکێ لەو تیرۆریستانە دەستنیشان کرابێ!

کە تا هەنووکە بکوژی فەرهاد فەرەج و ئەوی هاوژینی بەر ڕێژنەی گوللە دا، پڕ بە سییەکانیان شنەی ئازادی هەڵدەمژن، بۆ من مایەی سەرسامی نییە، ئەوەم بە لاوە سەیرە، یەکێتی ئەمجارە بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتی ڕابردوویەوە، تەنیا بەوەی لێفەیەک بەسەر تاوانەکاندا بدات، قایل نەبوو، بەڵکو لەسەر خواستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، گۆڤاری نڤار، ئەوی هاوژینی مەلا ئەمین یەکێ بوو لە نووسەرەکانی، بە فەرمانی خودی مام جەلال ڕاگیرا و ئاسایشی سلێمانیش هەموو ژمارەکانی لە بازاڕدا کۆ کردەوە.

لە ژمارە هەشتی نڤاردا وتارێک بە ناونیشانی ‹ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا› بڵاو کراوەتەوە، لە ڕوانگەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە، نووسەری ئەو باسە، بە ڕاشکاوی دەیان کوفری کردووە، بۆیە لایەنی ناوبراو لە ١١ی ٣ی ٢٠٠٠دا بە نامەیەک داوای لە مام جەلال کردووە، لەو گۆڤارە و لە نووسەری ئەو وتارە: ‹مەلا ئەمینی سیانی› بپێچێتەوە. مام جەلال بەوەی ملی بۆ خواستی ئیسلامە ‹میانڕەوەکان› دا و لووتی نڤاری بڕی، ئەوپەڕی سووکایەتی بە ڕووناکبیران کرد و بە ئیسلامە توندڕەوەکانیشی گوت: دەستتان خۆش!

2000. 04. 12